## کۆلانەکانی ژن پڕن لەغەدری پیاو. ... شیعری: حەمەکاکەڕەش

سوید

بەم هەموو خەون و خەیاڵەوە بەم هەموو ئەستێرەو باڵەوە
ناگەمە ئەوسەری کۆلانەکانی مردن
ناگەمە ئەوسەری کۆلانەکانی ژن
ئەوەی دەینووسم شوێنپێکانی عەشقە
وەك جێگای ماچێ بەکاڵی
لە کۆلانەکانی ژن بەجێماوە
کۆلانەکان ڕەنگاو ڕەنگن
کۆلانەکانی مردن پڕن لەنائومێدی
کۆلانەکانی ژن پڕن لە ئاو
کۆلانەکانی مردن پڕن لە هیچ
کۆلانەکانی ژن پڕن لە هەتاو
کۆلانەکانی مردن پڕن لە تاریکی
کۆلانەکانی ژن پڕن لە چاو
کۆلانەکانی مردن نە باخچەی تیایەو نە جۆلانەو
نە حەوزی مەلەو نەیاری منالان و نە گۆرانی ووتن و
نەپێکەنین و نە نامەی دلداری و
نەچاوشارکێ و نەباران بارین و
نەشەڕە بەفرو نەشەڕە قسە و نە شەڕە بەردو
نەشەرە ئاو
کۆلانەکانی مردن دەرگای تیانیە
پەنجەرەی لێ ناکرێتەوە
ئەوەی دەڕوا ئیترمەگەرخۆی بزانێ بۆکوێ دەچێ و
ئاخۆ جارێ تر دێتەوە
لە کۆلانەکانی مردنا کەس هیچ ناکڕێ
کەس دوکاندار نیە کەس ژن ناهێنێ
کەس منالی نابێ
کەس سەیارە کەس پایسکیل لێ ناخوڕێ
کەس وێنە ناگرێ
کەس کۆتربازی ناکا
کەس باڵندەیەك نابینێ بفڕێ
کەس ژنێ نابینێ لەگەڵ تیشکەکانی کازیوەدا تەندور داخا
کەس سەفەر ناکا
کەس ناچێ بۆ مالان
کەس بۆ جەژن شیرینی و وردە واڵەی ڕەنگاو ڕەنگ ناکڕێ
7کەس هاژەی ئاو نابیستێ

کەس هیچ نانووسێ
کۆڵانەکانی مردن خامۆشی پیاسەی لێدەکا
خامۆشی دەینووسێتەوە

کۆڵانەکانی ژن پڕ پڕن لە کۆتر پڕ پڕن لە باران
کۆڵانەکانی ژن پڕن لە گوڵ پڕن لە ئاگر
ئاگری مەستبوون
کۆڵانەکانی ژن پڕن لە پێکەنین پڕن لەجوانی
پڕن لە سۆز پڕن لە ئاسکی پڕن لە ئەوین
پڕن لە ڕوانین پڕن لە فڕین پڕن لە بڕین
پڕن لە وەرین
کۆڵانەکانی ژن پڕن لە ژیان پڕن لە کانی
پڕن لە باخچە پڕن لە ئەستێرە
کۆڵانەکانی ژن پڕن لە غەدری پیاو
سڵاو لە کۆڵانەکانی ژن
ئاخ چەن تاریکن کۆڵانەکانی مردن...